



# له ڕۆژی جیهانی منداڵان: ئایا منداڵه وەرزشوانـــ

**لای هیچ کەسێك شـــاراوە نییە، کە ساڵانە لە ڕۆژی ٦/١ منداڵانی جیهان بە گشـــتی و کوردستان بە تایبەتی یادی ئەو ڕۆژە دەکەنەوە، کە بە پەرۆشی چاوەڕوانی ئەم بۆنەیە دەکەن، وەرزشوانانی کوردستانیش لەم ڕۆژەدا بە هیوای ئەوەن وەکو منداڵانی جیهان ســـەیر بکرێن لە گشت بوارێك بە تایبەتی بواری وەرزش، ئاواتیـــان ئەوەیە زیاتر بایەخ و گرنگیـــان پێبدرێت و خولی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە و بەشـــداری لە پاڵەوانێتیەکان بکەن، ئێمە لە فایلی وەرزشی بە باشـــمانزانی سەردانی قوتابخانەی وەرزشی یانەی هەولێر بکەین و لە نزیکەوە ئەم ڕاپۆرتە ئامادە بکەین.**

**ســـەرەتا یاریزان مەتین عومـــەر تەمەن ١٥ ســـاڵ وتی:** یاریزانی قوتابخانەی منداڵانی هەولێـــرم، لـــەم ڕۆژە پیـــرۆزەدا پیرۆزبایـــی لە ســـەرجەم منداڵانـــی جیهانی بە گشتی و منداڵانی کوردستان بە تایبەتی دەکەم، ئاواتم ئەوەیە لە کوردستان زیاتر بایەخ بە وەرزشی منداڵان بدرێت و پێداویستیەکانیان بۆ دابیـــن بکرێت و خولی بەردەوامان بـــۆ بکرێتـــەوە و جلوبەرگی وەرزشـــی باشمان بۆ دابین بکرێت.

**پاشـــان یاریزان ئیبراهیم محەمەد تەمەن ١٣ ساڵ هاتە ئاخاوتن و وتی:** وەکو وەرزشوانێکی منـــداڵ لە ڕۆژی جیهانی منداڵان هیوادارم هاوکارییەکی تەواو بکرێین، ڕاســـتە وەرزش لە لایـــەن حکومەتی هەرێمی کوردســـتان هـــاوکاری دەکرێت، بـــەڵام دەبێت منداڵانی کوردســـتانیش لەو هاوکارییە بێبەش نەبن و یاریگای داخراو و شوێنی تایبەتی منداڵان بکرێتـــەوە، هەروەها خولـــی بەردەوامان بۆ بکرێتـــەوە و کادیری بـــە توانامان بۆ بهێنن و بەشـــداری لە پاڵەوانێتیەکانی جیهانی بکەین، هەندێـــك کەموکوڕیمان هەیە ئەویـــش نەبوونی پاســـی هاتووچۆ، ئاواتـــم ئەوەیـــە قوتابخانەی یانەی هەولێـــر ببێتە پێشـــەنگ بۆ پێگەیاندنی یاریزان.

دواتـــر یاریزان







# ـــــەكانی كوردستان خەونەكانیان دێته دی

چـــالاك **عەبدولغەنـــی ســـوڵتان تەمەن ١٦ ساڵ وتی:** وەكو یاریزانێكی منداڵ، كە تازە هاتوومە نێو یاریگا لەو رۆژە پیرۆزەوە دەنگم بۆ بەرپرســـان بەرز دەكەمەوە، كە هاوكاریمان بكەن و پێداویســـتیەكانمان بۆ دابین بكەن لە یاریگا و جلوبەرگ و تۆپ و پێداویستییەكانی هاتووچۆ، كە زۆر گرنگە، چونكە زۆربەی یاریزانەكانمان هەژارن و بژێوی ژیانیان باش نییە، بۆیە هیوادارم گوێیان لە دەنگمان بێت و ئاواتەكانمان بهێننە دی.

**پاشان یاریزان كرێكار كامەران عومەر تەمەن ١٤ ســـاڵ وتی:** هیوادارم وەكـــو منداڵانی جیهـــان ســـەیر بكر ێیـــن ، وەرزش چی لە بوارەكانی دیكە كەمتر نییە، بەڵكو لە جیهـــان بە پلە یـــەك بایەخی پێی دەدرێ، منیش لەم رۆژە پیرۆزە ئاواتم ئەوەیە منداڵانی كوردستان دەرگەیەكیان لێبكرێتەوە، كـــە بتوانن توانای خۆیان پێشـــكەش بكەن، داواش دەكەم پێداویســـتیەكانی هاتووچۆمان بۆ ئامادە بكـــەن و مووچە و خواردنمان بۆ دابین بكرێت و ئاواتم ئەوەیە ئەم قوتابخانەیە هاوكاری بكرێت و یاریگایەكی مۆدێرنی بۆ دروست بكرێت.

**لـــە كۆتاییدا یاریزان بێجان محەمەد شـــوكر تەمەن ١٣ ســـاڵ وتی:** لـــەو رۆژە خۆش و پیـــرۆزە ئاواتە خوازم بەرپرســـان زیاتر بایەخ بە منداڵان بدەن، چونكە هەر ئێمەین دەبینە یاریزانـــی دوارۆژی ئەم كوردســـتانە و حەز دەكەیـــن وەكـــو مند ا ڵا نـــی جیها نمـــا ن لێبێـــت، لە میدیـــاكان دەبینین چۆن بایەخ بەمنداڵان دەدرێت لە گشت بوارەكان، جا هیوادارم تەنیا لـــەم رۆژە ئێمەیـــان بە بیر نێتـــەوە، چونكە گرنگیـــدان بە منداڵ گرنگیدانە بە وڵات و نیشـــتمان، هەر ئێمەین نەوەی دوارۆژی ئەم كوردستانەین، بە دڵنیاییەوە گەر بە تەواوی هاوكاری بكرێین، بۆ دوای چەند ســـاڵێكی دیكە یـــەك یاریزانی دەرەوە لـــە تیپەكانمان نابینین، لە گشت یارییەكان بگرە لە تۆپی پێ و باســـكە و بالە و ئەوانی دیكەش، هیوادارم زیاتر گرنگیمان پێبدەن یاریگامان بۆ دروست بكەن و پاسی هاتووچۆمان بۆ ئامادە بكەن و جلوبەرگ و پێداویســـتییەكانی دیكەمان بـــۆ دابیـــن بكرێـــت، هەروەها ئێمەی منداڵ پێویســـتمان بە مەلەوانگەیەك هەیە كە بتوانین دوای هەر یارییەك یان مەشقێك خۆمان پاك بكەینەوە.



فۆتۆ گوڵان

# محەمەد خۆشناو:

# لە کوردستان بۆ دەستنیشانکردنی باشترین یاریزان و ڕاهێنەر هیچ پێوەرێک نییە




**خۆشناو ناوێکە بەهیچ شێوەیەك لەبیر ناکرێ، مێژوویەکی پرشنگداری لە تۆپی پێ هەیە، توانیویەتی بە ئاستی بەرز ناوی خۆی لە نێو ئەرشیفی ئەستێرەکان تۆمار بکات و وەکو یاریزان ماوەی دوو وەرزە چووەتە بواری مەشق و ڕاهێنان، لەوەشیان توانی سەربکەوێ. لە وەرزی پارساڵ لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتوان پلەی یەکەمی وەرگرت و ئەمساڵیش لەسەر ئاستی لاوان توانی نازناوی خولی یانە پلە نایابەکان بە دەست بهێنێ. ئێمەش لەم ڕوانگەیەوە بە باشمانزانی بیکەینە میوانی فایلی وەرزشی و ئەم دیمانەی لەگەڵدا سازبکەین.**

*** هەست بە چی دەکەی بۆ ساڵی دووەم تیپەکەتان توانی پلەی یەکەم بە دەست بهێنێت؟**

- لای من شتێکی زۆر گرنگ و خۆش بوو، بەر لە دەستپێکی خولەکە بڕیارمدا بوو کە واز لە ڕاهێنەرایەتی بهێنم و خۆشیەکەش لەوەی بوو پلەی یەکەمم بە دەستهێنا و وازم لە ڕاهێنەرایەتی هێناو بوومە سەرپەرشتیاری هەردوو تیپی تازەپێگەیشتووان و لاوان.

*** قسە و باس دەکرێت کە زۆر لە یانەکان ساختەکاری لە تەمەنی یاریزانەکان دەکەن، وەڵامی تۆ چییە؟**

- ئەوە شتێکی باوە لە زۆربەی زۆری

یانەکان، یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ناتوانێ کۆنترۆڵی ئەم دیاردەیە بکات، چونکە داوا لە یانەکان دەکات خۆیان (صورە قیدی) یاریزانەکان بهێنن، ئینجا هەر چۆنێك بێت هەوڵی ساختەکاری دەدرێت، پێم باشە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لە هەر شارێك لیژنەیەك پێکبهێنێت خۆیان سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ناسنامە و باری شاریستانی بکەن بۆ دڵنیابوون لە تەمەنی یاریزانەکان و ڕێگە لەوانە بگرن کە چاویان لە ساختەکارییە.

*** بە ڕای تۆ سزای ئەو ڕاهێنەرەی ساختە لە تەمەنی یاریزانەکان دەکات چۆن بێت باشە؟**

- سزای تا هەتایی بدرێت و نەهێڵن چیتر ڕاهێنەرایەتی بکات.

*** ماوەی دوو ساڵە پلەی یەکەم وەردەگرن، دەکرێ بزانین چەند یاریزانتان داوەتە تیپی یەکەمی یانەی هەولێر؟**

- وەرزی پارساڵ لە تازەپێگەیشتووان پلەی یەکەمم بە دەستهێنا، توانیم ١٢ یاریزان بدەمە لاوان و ئەمساڵیش ٥ یاریزانم داوەتە تیپی یەکەم.

*** یارییان پێدەکەن؟**

- لە هەموو یانەیەك وایە، کە یاریزانێکی لاو پێوەندیان پێوە دەکات دەبێ ساڵێك لە تاقیکردنەوە دابێت تا شارەزاییەکی تەواوی دەبێت و سەیری یارییەکان بکات، مەرج نییە ئەو یاریزانە یاری بکات.

*** بە ڕای تۆ ڕێوڕەسمی دابەشکردنی خەڵات لە یاریگا بێت باشترە یان بەمشێوەیەی کە یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان دابەشیکرد؟**

- شتێکی خەراپ نەبوو، بەڵام گەر سەیری جیهان بکەین لە کاتی یارییەکە و گەرماو گەرم خەڵاتەکان دابەش دەکرێن، ئەمەش تاموچێژی خۆشترە.

*** دەڵێن خۆشناو زوو وازی لە یاریکردن هێنا؟**

- زوو نەبوو، تەمەنم گەیشتە ٣٥ ساڵی، هەر یاریزانێك وا باشە لە لووتکە بێت وازبهێنێ تا کەسایەتی و قورسایی خۆی لە دەست نەدا.

*** خۆت بە قەرزاری کێ دەزانی؟**

- خۆم بە قەرزاری هەموو جەماوەری شاری هەولێر دەزانم بە تایبەتی شەهیدی سەرکردە مامۆستا فرەنسۆ هەریری و هەروەها قەرزاری کاك مەحمود عەزیزم، چونکە یەکەم ڕاهێنەر بوو کە مەشقی بە مندا.

*** ئەو وەرزشوانە و یان وەرزش دۆستەی لە یادی ناکەیت؟**

- تەنیا شەهید فرەنسۆ هەریریە.

*** خەڵکانێك دەڵێن محەمەد خۆشناو لە ئەنجامی یاری دەترسێ، بۆیە لە یارییەکان گۆڕانکاری وەکو پێویست ناکات؟**

- ئەمە ڕاست نییە، چونکە لە سەرەتای خولەکە تەنیا شێوازی هێرشبەریم پەیڕەو کردووە و بگرە لە دەرەوەی یاریگای خۆشمان بە پلانی (٣-٤-٣) یاریم کردووە، کە ئەمەش پلانێکی هێرش بردنە لە هەردوو خولی تازەپێگەیشتووان و لاوانیش بەهەمان شێوە یاریم کردووە.

*** ئەو کات و ساتە ناخۆشەی کە لە وەرزش تووش هاتووی؟**

- شەهیدکردنی فرەنسۆ ناخۆشترین ساتی وەرزشیم بوو.

*** لەگەڵ هێنانی یاریزانی دەرەوەیت؟**

- لەگەڵ هێنانی یاریزانم، بەڵام نەوەك بەم ڕادەیە ١٤ - ١٥ یاریزان بهێنێت و ڕێگە بە یاریزانی خۆمان نەدرێ یاری بکەن، بە ڕای من ٥ - ٦ یاریزان بهێنن باشە.

*** مانای ئەوەیە بوونی ئەم هەموو یاریزانانە لە بەرژەوەندی یانەی هەولێر نییە؟**

- ئەمە لە بەرژەوەندی یاریزانی هەولێر و کوردستان نییە، گەر تۆ ١٤ - ١٥ یاریزانت هێنا کە هەموویان ئەستێرە بوون، مانای ئەوەیە ڕێگە بە یاریزانی خۆمان نادرێ یاری بکەن.

*** تاریق، سەلاح، فازیل، سەرکار، پشتیوان، خۆشناو.. تاد جارێکی دیکە ئەم یاریزانانە دووبارە دەبنەوە؟**

- لەسەر یاریزان پەیوەستە، نەوەی ئێستا گرنگی زیاتر بە پارە دەدا، بیر لە خۆی ناکاتەوە وەکو ئەستێرەیەك بێت و باش یاری بۆ جەماوەر و یانەکەی بکات، پارەش بۆتە هۆکارێك کە ئەم جۆرە یاریزانانەی ناوت هێنان دروست نەبنەوە.

*** هۆکاری چییە جەماوەر لە یارییەکان وەکو پێویست ئامادە نابن؟**

- دەگەڕێتەوە زۆری یاریزانانی دەرەوەی شار، کە بۆ یانەی هەولێر یاری دەکەن، ئێمە کە یاریمان دەکرد چەند هەزارێکی دیکە بەهۆی پشتیوان هەندێکی دیکەش لەبەر یاریزانەکانی دیکە دەهاتن، ئێستا خەڵك دەیەوێ نەوەی خۆمان ببینێ، لەگەڵ ڕێزم بۆ یاریزانە عەرەبەکان، بینی یارییەکان هیچ تاموچێژێکی لە لای جەماوەر نەماوە.

*** چی دەڵێت کە تۆ یەکەمی کوردستان بوویت و نازناوی باشترین ڕاهێنەرت بەرنەکەوت؟**

- ئەمە ساڵی یەکەم نییە ئەم شتە ڕوودەدات لە وەرزی پارساڵ لە تازەپێگەیشتووان یەکەم بووم لەم نازناوە دوورخرامەوە، نەمزانیوە یانەیەك لە پلەی دوانزەمین بێت و باشترین ڕاهێنەر بێت، لەسەر خۆم قسە ناکەم ئەی یانەی خاوەن پلەی دووەم و یان پلەی سێیەم نازانم بە چ پێوەرێك ڕاهێنەرێك هەڵدەبژێرن، نابێ ئەم شتانە بکرێ و دڵی ئەم و ئەو ڕازی بکەیت، بەڕاستی دەبێ پێوەر هەبێت بۆ دەستنیشانکردنی یاریزان و ڕاهێنەر .. تاد بەڕاستی گلەییەکی زۆریان لێدەکەم.

*** گەر شتێکت ماوە بیڵێیت؟**

- هیوادارم لە وەرزی داهاتوو زیاتر گرنگی بە خولی لاوان و تازەپێگەیشتووان بدرێت و ڕاهێنەرەکان دووربن لە کاری ساختەکاری تا بتوانین بە هەموو لایەك وەرزش لە کوردستان بەرەو پێشەوە ببەین.






# دریێسی هەڵبژاردە بەشداربووەکان لە مۆندیال

**لە چەند رۆژی داهاتوو بە فەرمی لە وڵاتی باشووری ئەفریقیا بە بەشداریکردنی ٣٢ هەڵبژاردە یارییەکانی مۆندیال دەست پێ دەکات، بۆ ئەم مەبەستە بە پێویستمان زانی درێسی هەڵبژاردە بەشداربووەکان لەم مۆندیالە بڵاو بکەینەوە بەم شێوەی خوارەوە.**





# ئۆباما ناچێتە مۆندیالی ٢٠١٠

سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باراک ئۆباما داوای سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی فیفا جۆزێف بلاتەر-ی ڕەتکردەوە دەربارەی ئامادەبوونی لە ئاهەنگی کردنەوەی یارییەکانی مۆندیال-ی ٢٠١٠ لە باشووری ئەفریقیا.

ماڵپەری ئەنسید فۆتبۆل رایگەیاند کە باراک ئۆباما بەهۆی بوونی سەردانکردنی وڵاتەکانی ئەندنوسیا و ئوسترالیا ناتوانێت ئامادەی ئاهەنگی کردنەوەی جامی جیهانی بێت، هەمان ماڵپەر ئاماژەی بەوەدا کە جێگری سەرۆکی ئەمریکا بایدن و خێزانەکەی ئامادەی ئاهەنگی کردنەوەی مۆندیال دەبن بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی ئەمریکا بکەن، جێگەی باسە هەڵبژاردەی ئەمریکا لە جامی جیهانی ٢٠١٠ شانبەشانی هەڵبژاردەکانی ئینگلتەرە و جەزائیر و سلۆڤینیا یاری دەکات.



# گۆرانیبێژی مۆندیال کۆچی دوایی کرد

**هەفتەی رابردوو گۆرانیبێژی بەناوبانگی باشووری ئەفریقیا سیفیۆ نتشیبی کۆچی دوایی کرد، ئەم گۆرانیبێژە لاوە بڕیاربوو لە کاتی کردنەوەی جامی جیهانی گۆرانی مۆندیال لەگەڵ چەندین گۆرانی تر پێشکەش بکات، کە تایبەت بۆ مۆندیال-ی ٢٠١٠ ئامادەی کردبوو.**

**دوای بیستنی ئەم هەواڵە سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی جۆزێف بلاتر بروسکەیەکی ماتەمینی بە خانەوادی ئەم گۆرانیبێژە پێشکەش کرد و هاوخەمی خۆی دووپاتکردەوە و مردنی ئەم گۆرانیبێژەی بە کارەساتێکی گەورە بۆ باشووری ئەفریقیا وەسف کرد و تەئکیدی لەوە کردەوە کاتێك کە دەچێتە باشووری ئەفریقیا سەردانی بنەماڵەی ئەم گۆرانیبێژە دەکات.**



# بلگرینی: دەستبەردانی شنایدەر و رۆبن گەورەترین هەڵە بوو



دوای ئەوەی یانەی ریال مەدرید بە فەرمی دەستبەرداری راهێنەر مانوێل بلگرینی بوو، لە شوێنی ئەو جۆزێیە مۆرینهۆی وەکو راهێنەر دەستنیشان کرد، مانوێل بلگرینی لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ رۆژنامەی مارکای ئیسپانی چەندین نهێنی سەبارەت بە یانەکە ئاشکرا کرد و وتی: لە مانگی ٨ی ساڵی رابردوو تا ئێستا هیچ قسەیەکم لەگەڵ پێرێز نەکردووە و نازانم پێرێز بۆ دەستبەرداری هەریەکە لە شنایدەر و رۆبن بوو لە سەرەتای وەرزی ئەمساڵ؟ بەمکارەی هەڵەیەکی گەورەی کرد.

بلیگرینی بەردەوام بوو لە قسەکانی وتی: ئەگەر ئەمساڵ ریال مەدرید نازناوی خولی ئیسپانیای بە دەست بهێنابایە، هەر دەستبەرداری من دەبوون، لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا هۆکاری چوونە دەرەوەمان بۆ نەبوونی لێهاتوویی جەستەیی دەگەڕێتەوە، بەڵام بەرپرسیارم لە چوونە دەرەوەی ریال مەدرید لە جامی شای ئیسپانیا.

لە کۆتاییدا بلگرینی وتی: بەم بڕیارە رازیمە کە منیان لە پۆستی راهێنەرایەتی یانەی ریال مەدرید لادا.